# دەنگی ترپەی دڵ



**ئەدگار ئالان پۆ**

**لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق قەرەداخی**

بەڵێ هەندێ جار هەستم بە ترس دەکرد، ئێستاش وا هەست دەکەم ئەو ترسە هەر بەدوامەوەیە، لەگەڵ هەموو دەنگێکدا لە شوێنی خۆم بەرز دەبمەوە، بەڵام مەڵێن ئەمە شێتە. کاتێ نەخۆش بووم، گوێکانم زۆر باش بوون، بەباشی هەموو شتەکانی دەبیست، شتی چاك و خراپ، کەواتە چۆن من شێتم؟ سەیرم کەن، گوێ بگرن! ئێستا بەباشی چیرۆکەکەتان بۆ دەگێڕمەوە، کە من کەسێکی شێت نیم.

بیرۆکەیەك هات بە مێشکمدا، پاشان لە مێشکمدا گەلاڵەبوو، بۆچی؟

نازانم. شەو و ڕۆژ بە دوامەوە بوو، تووڕەش نەدەبووم. پیرەمێردەکەم خۆشی دەویست، هەرگیز کارێکی هەڵەی ئەنجام نەداوە، هەرگیز شتێکی خراپی بە زاریدا نەهاتووە، چاویشم نەبڕیبووە پارەوماڵی.

خەتای چاوەکانی بوو.. بەڵێ چاوەکانی، لە چاوی باڵندە دەچوون. ناو چاوی شینێکی تۆخ، دەرەوەشی سپی وەك شیر. کاتێ تێی دەڕوانیم هەستم بە ترس کرد.

چی بکەم باشە؟

دەمزانی کە دەبێت بیکوژم تا چاوەکانی بۆ هەتا هەتا لێك بنێ.

گوێم لێبگرە! وا دەزانی من شێتم؟ خەڵکانی شێت پەی بە هەموو شتێك نابەن، بەڵام تۆ من ناناسی، منیشت نەدیوە، پلانی هەموو شتێك دادەنێم، نایەڵم کەسیش بزانێت.

پێش ئەوەی پیاوە پیرە بکوژم کەسێکی زۆر چاك بووم، هەموو شەوێ لە نیوەی شەودا لەبەردەم دەرگاکەیدا چاوەڕێیم دەکرد، چراکەم دەکوژانەوە تاکو تاریکی زیاتر باڵ بەسەر ئەو شوێنەدا بکێشێت. پاشان بە هێمنی دەرگاکەم والا دەکرد و بە چراکەوە خۆم دەکرد بە ژوورەکەیدا. توخوا ئەمە شتێکی سەیر و سەمەرە نییە؟

من زۆر زیرەك بووم، شێت نەبووم!

زۆر بە هێواشی هەنگاوم دەنا، نەمدەویست پیرەمێردەکە بەئاگا بێ، نزیکەی سەعاتێك بە هێمنی دەمامەوە، توخوا پیاوی شێت ئەوەندە زیرەکە؟

لەودیو دەرگاکەوە پیرەمێردەکەم بەدی دەکرد کە لەسەر جێگاکەی ڕاکشابوو، پاشان چراکەم لەسەرخۆو بێدەنگ داگیرساند. ڕووناکیی چراکە زۆر بە کزی چاوەکانی باڵندەکەی ڕووناك دەکردەوە، هەموو شەوێ ئەمە کاری من بوو.

بەلاّم لەبەر ئەوەی چاوەکانی دەکردەوە کاری خۆم ئەنجام نەدەدا.

من ڕقم لە پیرەمێردەکە نەبوو، بەڵکو چاوە باڵندەییەکەی دڵی تەقاندبووم. هەموو بەیانییەك لەگەڵ کازیوەدا خۆم دەکرد بە ژوورەکەیداو پێم دەووت: "بەیانیت باش! چۆنی؟! ئەمشەو باش نووستی؟"

هەموو شەوێ چاودێریم دەکرد، بەلاّم نەمدەهێشت پێی بزانێ، چونکە زۆر وریا نەبوو.

لە شەوی هەشتەمدا زۆر بە وریای، بە هێواشی دەرگاکەم والاکرد. دەستم وەك چرکەی سەعات لەسەرخۆ دەبزواند. زۆر دڵخۆش بووم، من بەهێز و ئەو لاواز. ویستم پێبکەنم کە خۆم لە ژووری پیرەمێردەکەدا بینیوە و ئەویش پرخەی خەوی دێ! تەنها خۆم دەزانم چی دەکەم. پێکەنینم بەو بیرۆکەیە دەهات، لەوانەشە گوێی لێم بێ، چونکە لەسەر جێگەکەی کەوتە جوڵە، ئایا بوەستم باشە یان نا؟ ژوورەکەی تاریك وەك شەوێکی ئەنگوستەچاو، هەرچی ڕووناکیش هەبوو نەدەبووە میوانی پەنجەرەکەی، جگە لەوەش دەمزانی کە لەو تاریکییەدا دەرگاکەشی بۆ نادۆزرێتەوە، بۆیە بە هێواشی کلۆڵم داو دوایی چراکەم داگیرساند، بەلاّم کەمێك دەنگی لێوە هات. پیرەمێردەکە لەپڕ هەستایە سەرپێ و وتی: "ئەوە کێیە؟". من نەجولاّم و هیچم نەوت، بۆ ماوەی یەك سەعات نووزەم لەخۆم بڕی و ئەویش لە جووڵە کەوت. هەستامە سەرپێ و گوێم گرت، ئەویش لەسەر جێگەی خۆی هەستاو گوێکانی قولاّغ کرد. شەو لە دوای شەومان بەڕێ دەکرد، من هۆشیار و ئەویش بەئاگا. ئەو دەنگێکی لێوە دەهات، من دەمزانی دەنگی چییە! دەنگی ئازارو مەینەتی نییە، ئەوە دەنگی ترسە خەریکە دەست لە بینەقاقای دەنێ، ترسە لە کۆتا چرکەکانی ژیانی. ئەو دەنگە باش دەناسم، چونکە زۆر شەو ئەو دەنگە دەمترسێنێ. ئەم دەنگە زیاتر لە نیوەشەودا هەن، زۆرجار لە ناخمەوە دەنگێك دەردەچێ لەو دەنگە دەچێ. بەڵێ ئەمانە باش دەزانم، ئەو دەترسێ و منیش دڵم بۆی دەسوتێ، هاوکات پێکەنیم پێی دێ. لەگەڵ یەکەم دەنگدا هەستایە سەرپێ، دەزانم کە زۆر دەترسێ. کۆمەڵێ پرسیار مێشکی تەنیوە: ئەبێ ئەوە چی بێ؟ ئەو دەنگە لەکوێوە دێ؟ پاشان هەر خۆی وەلاّم دەداتەوە: هیچ نییە دەنگی گڤە گڤی بایە یان ئاژەڵێکی بچوکە، هیچ نییە.

ئەیەوێ بیر لەمانە بکاتەوە، نایەوێ ترس لە ناخیدا بروێنێ، بەلاّم تازە کار لە کار ترازاوە، شتێك لە ژوورەکەیدایە، زۆریش نزیکە لێوەی نە ئەیبینێ و نە ئەشیبیستێ، بەلاّم کاتێك هەستی پێ دەکات کە دەچمە ژوورە تاریکەکەوە بۆی.

زۆر چاوەڕێم کرد، بەلاّم بە کاوەخۆی جارێکی دی چراکەم داگیرساند، ڕووناکییەکی کەم شوێنەکەی ڕووناك کردەوە. خۆی گەیاندە چاوە شین و سپییەکەی باڵندەکە، چاوەکان کرانەوە، زەق بوون، منیش تێڕامام، ئینجا تووڕەبووم و زۆرم ڕق لێ بوو. هەستم کرد ڕق سەراپای گیانم دەگوشێ، چاوم لە دەموچاو و لاشەی پیرەمێردەکە نییە، ئەی چی بکەم؟ نازانم. ڕووناکیی چراکەم خستەر چاوی. هەندێك خەڵك بە باشی دەبیستن و دەبینن، کەچی تۆ وا دەزانی شێتن باسی ئامەمان زۆر کرد.

بەلاّم تۆ زۆر هەڵەی، ئەمانە شێت نین، ئەمەشم پێوتووی، گوێم لە هەموو شتێکە بەلاّم شێت نیم.

دەنگێکی هێمن و لەپڕ خۆی گەیاندە گوێم، هێندەی چرکەی سەعاتێك بەرز نەبوو، بەلاّم هەمان دەنگبوو، دەنگی ترپەی دڵی پیرەمێردەکە بوو، کە گوێم لەو دەنگە دەبێ تووڕەتر دەبم، کە تووڕەش بووم لە هیچ شتێك ناترسم.

نـوزەم لـە خـۆم بڕیبـوو، چراکەشـم خـامۆش کـرد، ڕووناکیی چراکە دەخەمە سەرچاوی، دەنگی ترپەی بـەرز دەبێتـەوە، چـرکە بـە چـرکە دەنگـی ترپـەی دڵـی زیـاد دەکات، بەڵام هەست دەکەم کە ئێستا تـرس بـە ڕاسـتی تۆقاندوویەتی.

هـەروەکو پـێم وتـی: مـن زۆرجـار هەسـت بـە تـرس دەکـەم. لـەو ماڵـە کۆنـە تاریکـە، لـە شـەوێکی ئەنگوستەچـاوی بێدەنگـدا. پاشـان گـوێم بـە دەنگێـك زرنگایەوە، ئەوە دەنگی ترپەی دڵـی پیرەمێردەکـە بـوو. زۆر دەترسام لـە شـوێنی خـۆم ئـۆقرەم گرتبـوو، پاشـان دەنگەکە بەرزتر بووەوە، لەبەر خۆمـەوە وتم "وانـەڵێی، تـۆ بلێـی دراوسـێکان گوێیـان لـێبێ؟" پێویـستە ئـەم پیرەمێردە بمرێ. بە دەنگی بـەرز هـاوارم کـردو چـراکەم داگیرساند. دواتر خۆم گەیانـدە ژوورەکـە. پیرەمێردەکـە هاواری لێبەرز بووەوە، تەنها یەك هاوار، ڕامکێشایە سەر زەوییەکە و پاشان نوێنەکەم خستە سـەر دەموچـاوی، بـە خەندەیەکـەوە وتم: "ئەمـە بەشـێکە لـە کارەکـانم"، بەڵام دڵی لـە لێدان نەکـەوت. گـوێم لـە ترپـەی دڵیـەتی، بـەڵام هەسـتم بـە تـرس نـەدەکرد، چـونکە دەمزانـی دراوسـێکان گوێیـان لێ نییـە، پاشـان لـە جوڵـە کـەوت. نوێنەکـەی سـەر سەروچـاویم لابـرد، ئینجـا لـە لاشـە ساردوسڕەکەی ڕامام، دەستم لەسەر دڵی داناو لاشەکەیم لەوێ جێهێـشت، هیـچی لێ نـەمابوو. پیرەمێردەکـە مـرد، ئیتر لەمەودوا چاوەکانی نامترسێنێ.

پۆلیسەکانیش هەسـتیان بـە شـادی کـرد، بـۆ هـەموو پرسـیارەکانیان وەڵامـم پێبـوو. مـن نەدەترسـام، هـەموو شتەکان ئاسای دەڕۆیشتن. لەگەڵ پۆلیسەکاندا دانیشتین و لەسەر کۆمەڵێ شت دواین، بەڵام پـاش کـەمێك هەسـتم کرد بەرەو لاوازی دەڕۆم، دەموچـاوم سـپی هەڵدەگـەڕێ. مێشکم ئازارم دەدات، ژاوە ژاوێ مێشکمی تەنیوە.

پۆلیسەکە بەدەم ئاخاوتنـەوە هەسـتایە سـەرپێ، بـە دەنگـی بـەرز قـسەم دەکـرد، هاوکـات ژاوەژاوی گوێکـانم زیاتر بوون.

پاش کـەمێك بـۆم دەرکـەوت کـە ئەمـە لـەناو گوێمـدا نییە، ئێستا دەموچاوم سپی هەڵگەڕاوە بە دەنگی بـەرزو بە پەلـە قسە دەکـەم. دەنگـە دەنگەکـە زیـاتر بـوو چـی بکەم، دەنگەکە خێرا کپبوو لە دەنگی چرکەی کاتژمێرێك دەچوو بەڵام خێراتر.

پۆلیسەکان گوێیان لێ نەبوو، جارێکی دی بـە دەنگـی بـەرزو پەلـە کەوتمـە ئاخـاوتن، دەنگەکـە بڵنـدتر بـوو، هەستامە سەرپێی و دەستم کرد بە قسەکردن. باسی چی بکەم؟ نازانم! لەبەر ئـەم دەنگـە دەنگـە دەبـێ قـسەیەك بکەم دەنگەکە زۆر بەرزە.

بۆچـی پۆلیـسەکان نەڕۆیـشتن؟ ئەڕۆشـتم و ئـەهاتم ئـۆقرەم لێ برابـوو. تەپەتـەپی پێکـانم هەرایـەکی زۆری نابووەوە. بـە تووڕەییـەوە ئـەدوام، بـەڵام دەنگەکـە ئـەو نـاوەی جێنەدەهێـشت. پیاوەکـان سـەیریان دەکـرد نەمدەویـست وا خـۆم نیـشان بـدەم کـە دەترسـم. بـە تـووڕەیی و بـە پەلـە قـسەم دەکـرد، وشـەی ناشـرینم بـەکاردەهێناو شـێتانە هـاوارم دەکـرد. کورسـییەکەم بەسـەر زەوییەکـەدا ڕادەکێـشا تـا دەنگێکـی بـەرزی لێدەکەوێتەوە، بەڵام دەنگەکەی تر بەرزتر بوو، هەمیشە لە زیادبووندا بوو. پیاوەکان پێدەکەنین و بە خۆشییەوە قسەیان دەکرد، گوێیان لێنەبوو؟ نەخێر بەڕاستی گوێیان لێنەبوو! ئەوان دەزانن! ئەوان بە من پێدەکەنین، چونکە ئەیانزانی من دەترسم، ئێستا بۆم دەرکەوت .

نەمـدەتوانی لـەوە زیـاتر چـاوەڕێ بکـەم! دەبوایـە کۆتاییم بە پێکەنینەکانی ئەوان بهێنایە، چـونکە نامـەوێ ئەوان پێبکەنن، بۆیە پێویستە یان دەبێ پێیان بڵـێم یـان دەبێ بمرم، دەنگەکە جار لە دوای جار بـەرزتر دەبـوو.. بەرزتر دەبوو.

هاوارم کرد بوەستن، بوەستن، پێم پێمەکەنن، ئـەزانم کـە ئێـوە دەزانـن مـن بـەو کـارە هەڵـساوم، زەوییەکـە هەڵدەنەوە! سەیرکەن، گوێبگرن، ئـەوە دەنگـی ترپـەی دڵی پیرەمێردەکەیە!.

سەرچاوە: A WHITE HERON AND OTHER AMERICAN SHORT STORIES P.31-39